هەرکەسێک دە ئایەتی سەرەتای (سورەتی الکهف) لەبەر بکات؛ ئەوا پارێزراو دەبێت لە دەججال». ولە گێڕانەوەیەکدا: « -دە (ئایەت- لە کۆتایی (سورەتی الکهف

لە ئەبی دەرداوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک دە ئایەتی سەرەتای (سورەتی الکهف) لەبەر بکات؛ ئەوا پارێزراو دەبێت لە دەججال». ولە گێڕانەوەیەکدا: « -دە (ئایەت- لە کۆتایی (سورەتی الکهف)».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە هەرکەسێك دە ئایەت لە سەرەتای سورەتی -الکهف- لەبەر بکات ئەوا دەپارێزرێت لە فیتنە وتاقیکردنەوەی مەسیحی دەجال؛ کە لە کۆتایی دونیادا دەردەچێت وبانگەشەی خودایەتی دەکات، وفیتنە وتاقیکردنەوەی دەجال گەورەترین فیتنەیە لەسەر زەویدا لەو کاتەوەی خودا ئادەمی خوڵقاندووە هەتاوەکو بەرپابوونی قیامەت؛ چونکە خوای گەورە -عز وجل- هەندێك توانای سەر سوڕهێنەری پێداوە کە دەبێتە هۆی فیتنە بۆ ئەو کەسەی شوێنی دەکەوێت، لەبەرکردنی ئەم ئایەتانە دەبێتە هۆی پاراستن چونکە سەرەتای سورەتی -الکهف- چەندەها باس وبەڵگەی سەرسوڕهێنەری تێدایە کە گەورەترن لەو شتانەی کە دەجال بەهۆیانەوە خەڵکی تووشی فیتنە دەکات، بۆیە هەرکەسێك تێڕامان بکات بۆ ئەو ئایەتانە؛ ئەوا تووشی فیتنە نابێت بەهۆی دەجالەوە. ولە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: ئەوەی دە ئایەت (لەبەر بکات) لە کۆتایی سورەتەکە، (لەو ئایەتەوە) کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أفحسب الذين كفروا أن يتخذوا...﴾.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6265